# بەرنامەی گەنجان لەکوردستان

د. صلاح عزیز

هیمەتی گەنجان داهاتی سەرەکی گەشە پێدانی ئابووری و تەکنۆلۆژیایەو هۆکارێکی کاریگەرە بۆ گۆڕینی سیستەمی کۆمەلآیەتی، وەکو ئەوەی لەراپۆرتی ئەنجومەنی ئابووری و کۆمەلآیەتی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان لەسالّی (2003) دەربارەی گەنجان هاتووە.

چەمکی گەنج لەکۆمەلگەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی دابونەریتی کۆمەلگا دەگۆڕێت، هەموورلەسەر ئەوە کۆکن کە گەنج خاوەن وزەیەکی زۆرو خەیالّیکی فراوان و توانای جۆراو جۆرن، هەروەها گەنجی ئەمڕۆ سەرکردەو بڕیاردەری دوا ڕۆژن. لەبەرئەوە من پشت بەپێناسەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربارەی گەنج دەبەستم و واوەسفی گەنج دەکەم کە:" ئەو توێژەن کە تەمەنیان لەنێوان15-24دایەو ڕێژەیان لەچاو ڕێژەی دانیشتووان 18٪ دانراوەلەسالّی1995. نزیکەی 60٪ لەگەنجەکانی جیهان لەولآتە پاشکەوتووەکان دەژین، ئەگەر ئەو ڕێژەیە لەگەلّ ڕێژەی دانیشتوانی کوردستان بەراورد بکەین و ڕێژەکەش بەپێنج ملیۆن کەس دابنێین، ئەوا ڕێژەی گەنج دەگاتە (یەك ملیۆن کەس).

لەسالّی 2003 ڕاپۆرتێك لەسەر گەنجانی جیهان لەلایەن نووسینگەی ئەمیندارى گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرچوو، کە باسی باری گەنجانی جیهانی کردبوو لەسالّی 2002 و بەیانی ئەو پێداویستییە گرنگانەی گەنجانی کردبوو. هەروەکو لەلیژنەی لێکۆلّینەوە جیاوازەکان دەرکەوتووە. ئەمانەش گرنگترین ئەو پێداویستیانەن:

1) پەروەردە: لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە پەروەردەی قۆناغی سەرەتایی گەشەکردنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە لەولآتە تازە پێگەیشتووەکان و بەشێوەیەکی کەمتر لەقۆناغی ناوەندی و زۆر کەمتریش بۆ قۆناغی دواناوەندی، هەروەها لەڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە پەروەردەکردنی ناوەندی و دوا ناوەندی لەلایەن کچانەوە سوودی کەمتر لێوەردەگیرێت بەهۆی جیاکاری ڕەگەزی دژی مێینەو ئەودابو نەریتانەی کە کچان زوو بەشوو دەدەن، هەروەها لەڕاپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکات کە زۆربەی زۆری ئەو ولآتانە گرنگی بەپرۆگرامی پەروەردەیی هەمیشەیی لەژیاندا نادەن.

2) بێکاری: ڕاپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە بێکاری و کاری ناتەواو، دوو گرفتی گەورەی گەنجن لەولآتە تازە پێگەیشتووەکان لەبەرئەم هۆیە بەشێکی زۆری گەنجان بێبەش دەبن لەپێداویستییەکانی ژیان و پێکهێنانی خێزان لەتەمەنێکی گونجاودا بەهۆی نەبوونی هەلی کارکردن. ئەو گەشەکردنە خێرایەی تەکنۆلۆژیاو زانست لەولآتە پێشکەوتووەکان پێکدەهێنێت بەهۆی بێ تواناییان لەبەڕێوەبردنی زانیاری

پێویست بۆ بەرهەمهێنان و گەشەپێدانی تەکنۆلۆژیای نوێ، ئەم بەرەنگاربوونەوەیە کاریگەریەکی ترسناکی لەسەر وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان هەیە بەهۆی پەیوەستبوونی بەبازاری جیهانی.

3) برسێتی وهەژاری: لەوانەیە لێکۆڵەرەکان ناکۆك بن لەدیاریکردنی ئاستی هەژاری و دانانی نزمترین ڕێژە بۆی، بەڵام کاتێك داهاتی تاك پێداویستیەکانی ژیان و برسێتی و خواردن و تەندروستی و پەروەردەو دابینکردنی خزمەتە بنچینەییەکان و بێشوێنی و جیاکاری لەبەرچاو دەگیرێت، ئەوا ژمارەی هەژارەکان بە(ملیار) کەس دادەنرێت لەجیهاندا، بۆیە برسێتی و هەژاری بەترسناکترین هەڕەشە دادەنرێت کە ڕووبەڕوی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دەبێتەوەو ڕێگە لەگەنجەکان دەگرێت کە بتوانن ڕۆڵ ببینن لەپێشخستنی کۆمەڵگەدا.

4) تەندرووستی: ڕاپۆرتی UN تێبینی ئەوەی کرد گەنجەکانی وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان بەدەست خراپی تەندروستی دەناڵێنن بەهۆی نەبوونی خزمەتی تەندروستی و بەدخۆراکی و ئەو نەخۆشیانەی بەهۆی پیسی ئاو هەیە، هەروەها بەکارهێنانی تووتن ــ جگەرەو کهول و ماددەی بێهۆشکەر ــ ئەو کێشانەش لەئەنجامی ناهۆشیاری گەنجەکان سەرهەڵدەدات دەربارەی بابەتەکانی سێکس و زوو منداڵبوون و زۆر منداڵبوون.

5) ژینگە: ناهۆشیاریەکی گەورە هەیە لەپاراستنی ژینگە، بەتایبەت لەپاراستنی هەوای خاوێن و ئاوی پاك لەزۆر شاردا. وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان گرنگی بەپاراستنی ژینگە نادەن بەهۆی نەبوونی زانیاری و شارەزایی لەبواری تەکنۆلۆژیا، سەرباری کەم زانیاری سیاسی و سەرچاوەی دارایی، هەروەها بەهۆی بەرزی ڕێژەی بێکاری گەنجان و زۆریان لەشارەکان و بەدخۆراکی و نەبونی پەروەردەی تەندروستی. گەنجەکان گەورەترین قوربانین لەقوربانییەکانی ژینگەی پیس.

6) خراپ بەکارهێنانی ماددە بێهۆشکەرەکان: بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان لەلایەن گەنجان (کچان وکوران) دیاردەیەکی بەرچاوی ئەم ساڵانەی دواییە و هۆکارەکانی ئەمجۆرە ڕەفتارانە ڕوون نیەو هەندێك کەس ئاماژە دەکەن بەوەی کە هۆکاری بەکارهێنانی ماددەی ئارام بەخش و دەرمان لەلایەن گەنجان بۆ هەڵاتنە لەواقیعی تاڵی ژیان و بۆ بەدەستهێنانی خۆشیەکی کاتییە. تۆڕەکانی دابەشکردنی ماددە سڕکەرەکان زیاتر هەوڵدەدەن خۆیان بخزێننە ناو گەنجان و زۆربەیان پەیوەندیان هەیەلەگەڵ زیاتر لەیەك دەوڵەت، زۆربەی گەنجان زەرەرە تێکدەرەکانی بەکارهێنانی ماددە سڕکەرەکان و خووگرتن پێیانەوە نازانن، لەوڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا پرۆگرامی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری نییە، بۆچارەکردنی پەتای ماددە سڕکەرەکان، وڵاتە پێشکەوتووەکان سیستەمێکی توندیان هەیە بۆ دابەشکردنی ماددە

سـڕكەرەكان و سـزای بەكارهێنــەرانی دەدەن و هــەوڵی دانــانی سـنورێك دەدەن بـۆ بــەكاهێنانی كهـول وجگەرە، ئەو كەسەی تەمەنی لەخوار(20)ساڵەوە بێت ناتوانێت كهول و جگەرە بكڕێ.

7) لادانــی نەوجــەوانان: هەڵســانی گــەنجان بەئەنجامــدانی تــاوان، دیاردەیەكــە لەوانەیــە لەوڵاتــە تازەپێگەیشتووەكان زیاتر بێت وەكو لەوڵاتە دواكەوتووەكان، بـەڵام منداڵـەكانی سـەر جادەكـان لەوڵاتـە تازەپێگەیشتووەكان وەكو دیاردەیەك بەرچاو دەكەوێ كە توێژێكن توونودتیژی و تاوانیان لـەناودا بـڵاوە. بێكاری و هەژاری پاڵ بەدایك و باوكەكان دەنێت كە منداڵەكانیان(كچ وكورەكانیان)بنێرنە سەرجادەكان بۆ كاركردن و پارە پەیداكردن لەتەمـەنێكی زووداو منداڵەكـە نزیـك دەبێتەوەلـەجیهانی تـاوان و دوور دەبێـت لەژیانێكی ئاسایی.

8) سوود وەرگرتن لەكاتی بێكاری: بەكارهێنانی كاتی بێكاری بۆ ئامادەكردنی مێشك و جەستەو دەروون، كارێكی گرنگە بۆ پەرەپێدانی ووزەی گەنجەكان بەجۆرێك خزمەتی كۆمەڵگە بكات. كاتەكانی بێكاری كاتی گونجاون بۆ گەشەپێدانی بەهرەی گەنجەكان لەوەرزش و بەهرەی هونەری و خزمەتكردنی كۆمەڵگە. سوود وەرنـەگرتن لەكاتـەكانی بێكـاری بەشـێوەیەكی دروسـت، دەبێتـە هـۆی نـاڕێكی لـەرەفتارداو زەرەرێكـی گەورەیە بۆگەنجان.

9) كچـان و كـوڕان: شـتێكی ڕوونـە كـە ژمـارەی كچـان نزیكـەی ژمـارەی كوڕانـە، بـەمانای بـوونی ڕێژەی(( 500,000,000 ))پێنج سەد ملیۆن كچ هەیە لەجیهانداو نیوملیۆن كچ هەیە لەكوردستان. كچان بەزۆری بەجۆرێك ڕەفتاریان لەگـەڵ دەكرێـت كـە بوونـەوەری كۆمەڵایـەتی نەویسـتراون، ئەمـەش لـەڕێزی كچەكان بۆخۆیان كەم دەكاتەوەو دەبێتە هۆی جیاكاری ڕەگەزی لـەنێوان كـچ وكـوڕدا، ئەمـەش هۆیـەكی سەرەكیە كە كچان لەبەدەستهێنانی پەروەردەیەكی پێویست و گەشەی تواناكانیـان بۆخزمـەتی كۆمەڵگـە بێبەش دەكرێن.

10) بەشداری گەنج لەدروستكردنی بڕیاردا: پێشـتر باسـی ئـەوەمان كـرد كـە گـەنج نـاوكی بـەردەوامی و زیندەگی ژیانن و سەركردەی دوا ڕۆژن، بۆیە گرنگـە بەشـداریان پێبكرێـت لـەو بڕیارانـەی كـە پەیوەسـتن بەكۆمەڵگەكـەیان و ڕێكخراوەكـانی گـەنج و فێرخـوازی چوارچـێوەیەكی ڕاسـت دەنـوێنێ بـۆ گەشـەپێدانی زانیـاری وتوانسـتەكان و زیـاتر هاریكـاری گـەنجان. بەشـداریكردنێكی تـەواوی گـەنج لـەژیانی سیاسـی پەیوەستە بەبوونی نیزام(سیستەمێكی) سیاسی و ئەو یاسایەی كە تەمەنی گەنج دیاری دەكـات بۆچـوونە ناو ژیانی سیاسی، بۆ نمونە لەعێراق تەمـەنی(30)سـاڵ وەكـو نـزمترین ڕادەی بەشـداریكردن دانـراوە بـۆ ژیانی پەرلەمانی، ئەمەش مانای بێبەشكردنی گەنجانە لەبەشداریكردن لەبڕیاردان لەژیانی سیاسیدا.

ئاستەنگە هەنووکەییەکانی بەردەم گەنجی کورد:

1) جیهانگیری: جیهانگیری کە دروشمەکەی بریتییەلە((جیهان بریتییە لەگوندێکی بچوك)) لەشێوازە نوێکانی کەوا دەکات ئەم دروشمە ڕۆژانە بەکاربهێنرێت، فراوانبوونی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و سەتەلایت و ئامرازەکانی پەیوەندی کردنە، مرۆڤ دەتوانێت تێبینی ژمارەی ئەو کاتژمێرانە بکات کە گەنجان تەرخانی دەکەن بۆ گەیشتن بەسایتەکانی ئەنتەرنێت و گوێگرتن لەگۆرانی و بەرنامەی تەرفیهی لەTV . جێگەی پێکەنینە کە دەبینین گەنجان زۆرترین ڕێژەی بەکارهێنەری مۆبایلن بۆ مەبەستی کات بەسەربردن و پەیوەندی سۆزداری.

ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە ڕۆشنبیریەکی ڕۆژئاواییە (U.S.A) ئامرازی بەهێزی هەیە بۆ بڵاوکردنەوەی. نەهامەتیەکانی گەلی کورد خۆی لەوە حەشارداوە کە گەلی کوردستان ناتوانێ تەبەنی ڕۆشنبیرییەك بکات کە کاریگەر بێت، یان بتوانێ بەرهەمی بهێنێت، بۆیە گەنجانی ئێمە بوونەتە بەکارهێنەری ڕۆشنبیرییەکی تەرفیهی. ئەم بەکارهێنانە سەرپێییە لەلایەن گەنجان دەبێتە هۆی پشتگوێخستنی ڕۆشنبیری کوردی کە باوك و باپیرانتان بەدرێژایی چەندین سەدە پاراستوویانە.

ئەوەی لەسەرکردایەتییەگەنجەکان (کچان وکوڕان) داواکراوە بریتییەلە:

1) بەرەنگاربوونەوەی یەکەم، بەرەنگاربونەوەی کلتوری جیهانگیری تا کلتوری کوردی لەناو نەچێت ئەویش بە بەکارهێنانێکی دروستی ئامرازەکانی جیهانگیری بۆ گەشەپێکردنی کلتوری کوردی ڕەسەن و پاراستنی ئەم کلتورە. ئەگەر گەنجی کورد ئەم کارە نەکات، ئەوا کلتوری کوردی لاواز دەبێت، هەرچەندە ئەگەر کوردستان مافە سیاسییەکانیشی بەدەستهێنا. گومانی تێدا نییە کە ئەم بەرەنگاربونەوەیە بەتاکە گروپێك ناکرێت، بۆیە دەبێت هەموو ڕێکخراوەکانی گەنجان و فێرخوازان هاوکاری یەکتری بکەن بۆ بەرەنگاربونەوەی ئەو هۆیانەی دەبنە لەناوبردنی کلتوری کوردی و هەنگاوی کارای بۆ دابنرێت، پێشتر ئەوە زانراوبوو کە سەنتەرە ئایینیەکان و مزگەوتەکان ئەو ناوەندو خوێندنگایانە بوون کەچەندین ڕۆشنبیری کوردی پێگەیاندووە، کەچی لەم سەردەمەدا نەمزگەوتەکان و نەزانکۆکان ناتوانن ئەم ڕۆڵە ببینن، بۆیە گرنگە کە سەنتەری ڕۆشنبیری دابمەزرێنرێت و گرنگی بدات بەئەدەب و شیعرو چیرۆك کە ڕەهەندە کلتورییەکانی ناسنامەی کوردی بەرەو پێش ببات.

2) بەرەنگاربوونەوەی دووەم، مافی چارەی خۆنوسین بۆ کوردستان: لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە کورد داوای دامەزراندنی دەوڵەتی فەرمی خۆی کردووە وەکو دەوڵەتە قەومیەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام کاتێك ئەم مافەی چنگ نەکەوت، داوای حوکمی زاتی کرد کەلەساڵی 1970 بەدەستی

هێنا، ئەمیش درێژەی نەکێشاو سەرکردایەتی کورد لەسەر فیدرالیەت بۆ کوردستان لەچوارچێوەی عێراق ڕێککەوتن لەساڵی 1992 لەڕیفراندۆمێکی نارەسمیدا گەلی کورد بەڕێژەی زۆرینەی دەنگی بۆ مافی چارەنووسین دا(سەربەخۆیی) لەڕێکەوتی 3\1\2005دا.

گەلی کورد سوودی لەبێهێزی دەوڵەتی مەرکەزی بینی لەبەغداد، هەروەها سوودی لەو پاڵپشتیە دەرەکیەش بینی، لەماوەی سەدەی بیستەمدا بۆ بەدەستهێنان و داواکردنی مافە سیاسییەکان. ئەمڕۆ دەوڵەتی عێراقی بەدەست بێهێزی و داگیرکاری و پارچەپارچەیی دەناڵێنێت و پشتگیریەکی دەولی (ئەوروپی وئەمریکی) بۆ کورد هەیە.

ئایا خواستی سیاسی کورد دەبێت چی بێت؟

تاوەکو گەنجان بتوانن بەڕاستی بەرەنگاری ئەم کارانە ببنەوە، دەبێت زانیاری پێویست بەدەست بهێنن بۆ تێگەیشتن لەواقعی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئەمنی وئابووری هەرێمەکەیان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەگشتی. هەروەك لەبەرەنگاری یەکەم (بەرەنگاربونەوەی کلتوری جیهانگیری) باسمانکرد کە جیهان دێیەکی بچوکە، بۆیە کورد ناتوانێ بەبێ تێگەیشتنێکی تەواوی هەموو ڕەهەندەکان، بڕیاری سیاسی خۆی بدات.

گەنجان ئەم پرسیارانە لەخۆیان دەکەن؟

1) ئەو سوودو زیانە سیاسی و ئەمنی وئابووری و کۆمەڵایەتییانە چین کە دووچاری گەلی کورد دەبنەوە ئەگەر کوردستان بەچوارچێوەی عێراق بمێنێتەوە، یاخود ئەگەر بێت و لەم چوارچێوەیە دەرچن؟

2) ئەو سوود و زیانە سیاسی و ئەمنی و ئابووری و کۆمەڵایەتییانە چین بۆ عێراقییەکان (جگە لەکورد) ئەگەر کوردستان لەچوارچێوەی عێراق بمێنێتەوە، یاخود ئەگەر بێت و لەم چواچێوەیە دەربچێت؟

3) بەهای مافی چارەی خۆ نووسین چییە لەژێر هەیمەنەی دەولیدا؟

3) بەرەنگاربوونەوەی سێیەم، پێشکەوتنی تاك لەکوردستان: گرنگترین و ڕاسترین ئامانجی سەرکردە، دەبێت کارکردن و پێشخستنی تاك بێت لەناوچەکەی خۆی تاوەکو هاوتا بێت لەگەڵ پێشکەوتنی تاکەکان لەناوچەکانی تری جیهاندا. مەبەست لەپێشکەوتنی تاك هەروەكUN پێناسەی کردووە، بریتییە لەکرداری دروستکردنی بارودۆخێکی گونجاو تامرۆڤەکان بتوانن گەشە بەتوانای بەرهەمهێنانیان بدەن و بتوانن ئەو ژیانە بۆ خۆیان دروست بکەن کە پێویستیانە و حەزیان لێیەتی. بۆیە گەشە کردن بریتییە لەوەی کە مرۆڤ بتوانێ شێوازی بەڕێوەبردنی ژیان و بەهاکانی خۆی هەڵبژێرێت.

سەنتەرە پەروەردەییەکان بەناوەندێك دادەنرێن بۆ گەشەپێدانی توانا بەرهەمهێنەکان (زانیاری و شارەزایی) بۆ میللەت، بۆیە بەرەنگاریی سێیەم بریتییە لەوەی کە ڕێکخراوەکانی گەنجان و فێرخوازان هەستن بەگەشەپێدانی دەزگا پەروەردەییەکان بۆ ئەوەی کاری گەشەپێدانی تاك بەسەرکەوتویی ئەنجام بدرێت. چاکسازی کردن لەفەلسەفەی پەروەردەو ئامانجەکانی بەوەی کە دەزگاکانی پەروەردە لەپێدانی شەهادەوە بگۆڕێت بۆ گواستنەوەی زانیاری و شارەزایی بۆ دەرچووانی تاوەکو لەپێشخستنی کۆمەڵگە بەشداربن. دەبێت لەوە بگەین کە گەشەپێدانی کۆمەڵگە کردارێکە ئامانجی ژیانێکی سەرکەوتوو و تەندروستە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە، تاك بەماف و ئازادییە بنچینە ییەکانی شاد دەبێت و هەلی بەشداریکردنی لەگەشەپێدانی کۆمەڵگەی دەبێت و بەبێ گەڕانەوەو گرنگیدان بەئینتیمای سیاسی و حزبی وقەومی و تائیفی تاکەکە. گەنجان و فێرخوازان ئەرکی دروستکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی لەکوردستان دەکەوێتە ئەستۆیان، کە مرۆڤ بتوانێت بەشێوەیەکی ئیجابی لەناو ئەو کۆمەڵگەیەی گەشە بکات و خاوەنی توانایەکی بەرهەمهێن بێت بەجۆرێك کە سەربەخۆیی کەسەکە بپارێزێت.

گۆڕانی کۆمەڵگە لەکۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەر بۆ کۆمەڵگەیەکی بەرهەمهێنەر، گۆڕینی مرۆڤ لەمرۆڤێکی لاسایی کەرەوە بۆ مرۆڤێکی داهێنەر. ئەو بەرەنگاریانەن کە پێویستە ڕووبەڕوویان ببینەوە ئەگەر بمانەوێت پارێزگاری لەسەربەخۆیی و ئازادیمان بکەین.